**تكایە، خاسی مەکەن، با خراپتر نەبێت!/٤**

ئاکۆ مارانی
٢٠٢٥/٠٨/٢٥

ڎ ، ۋ ، ڽ ، ق ، ي (فۆن) یان (ئەلەفۆن)؟

**.٤**

/ۆ/ ئۆ (بۆرە) ü [1] : یەکێکە لە فۆنێمە تایبەتەکانی ئاخاوتنی هۆرامی و لە سەرتاسەی ناوچەکانی هۆرامان و لەنێو گشت دیالێکت و بنەدیالێکتە هۆرامییەکان واتای جووتواژەکان* دەگۆڕێت و لە یەکدی جیادەکاتەوە، بەتایبەت :

- لە کۆتایی گشت کردارە ڕانەبوردوو و داهاتوەکان **(کردارە یەکجارەکییەکان)** بۆ سێیەم کەسی تاک :

 بووسۆ cvcv : بخەوێت، هۆرزۆ cvccv : هەڵدەستێت، کەرۆ cvcv : دەکات، موەرۆ ccvcv : دەخوات، وڕنۆ cccv : دەڕووخێنێت، چڕۆ ccv : بانگدەکات، بڕۆ ccv : دەبڕێت ...تد**، لە بەرانبەر ئەو واژانە واژەی دیکە هەن، کە بە فۆنێمی /ۆ/ کۆتاییان دێت و واتا و ڕۆڵی ڕێزمانیان جیاوازە. بێجگە لە یەکدی جیاکردنەوەی واتای جووتواژەکان، بوون و گۆکردنی بۆرە /ۆ/ لەنێو ئاخاوتنی هۆرامی بەس لە کۆتایی کرداری ڕانەبوردوو و داهاتوو بۆ سێیەم کەسی تاک نییە، بەڵکو لەنێوەندی دەیان واژە و هەر وەها لە کۆتایی دەیان ناوی گشتیش هەیە و واتا دەگۆڕێت.

بە نەبوونی پیتی تایبەت بۆ فۆنی [ۆ] نووسینی سەدان واژە تێکەڵ دەکرێت و بە هەڵەخوێندنەوەی پیتی هەڵە (ۆ) کە بۆ فۆنێمێکی دیکە بەکاربراوە، سەرەنجام لە داهاتوویەکی نزیک گوتنی فۆنی بۆرە: [ۆ]، کە یەکێکە لە تایبەتییەکانی ئاخاوتن و جیاکەرەوەی ڕێزمانیی کردارەکانی هۆرامی بۆ ( گوتن و دەسنیشانکردنی کردارەکانی سێیەم کەسی تاک )، دەگۆڕێت بە فۆنی [ۆ]، کە ئەویش [ۆ] بەخۆی لەنێو ئاخاوتن و ڕێزمانی هۆرامی هەیە و لەنێو ڕێزمانی هۆرامی گرنگیی و ئەرک و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە.

فۆنێمی /ۆ/ ئۆ **O: یەکێکە لە فۆنێمە هۆرامییەکان و لە نێو ئاخاوتنی سەرتاسەی ناوچەکانی هۆرامان و لەنێو گشت دیالێکت و بنەدیالێکتە هۆرامییەکان واتای جووتواژەکان دەگۆڕێت و وەک لەنێو هەموو بەشەکانی دیکەی زمانی کوردی، لەنێو ئاخاوتنی هۆرامیش فۆنێمی /ۆ/ بوونی هەیە، بەتایبەت لە کۆتایی:

- گشت کردارە فەرمانییەکان بۆ دوەم کەسی تاک : بووسۆ : بخەوەوە، بوەرۆ : بخۆرەوە، مجۆ : بڕێژەوە، بارۆ : بهێنەرەوە، بوازۆ : بخوازەوە، ...تد.

- گشت کردارە ڕابوردوە تەواوەکان*** **(کردارە فرەجارەکییەکان)** بۆ یەکەم کەسی تاک و کۆ، دوەم کەسی تاک و کۆ، سێیەم کەسی تاک و کۆ، نموونە: بەرڎۆ : بردەوە، وارڎۆ : خواردەوە، کەرڎۆ : کردەوە، چڕیۆ : بانگکردەوە، ڕەڎبیۆ : تێپەڕیەوە، پیڎابییۆ : پەیدابوویەوە، بیێۆ : بوویەوە، دییۆ : دۆزییەوە، بڕیۆ : بڕیەوە، ...تد.

- گشت کردارە ڕابوردوە نزیکەکان*** **(کردارە فرەجارەکییەکان)** بۆ یەکەم کەسی تاک و کۆ، دوەم کەسی تاک و کۆ، سێیەم کەسی تاک و کۆ، نموونە:

کەرڎەنۆ : کردوەتەوە ، چڕیەنۆ : بانگکردوەتەوە ، بیێەنۆ : بوەتەوە، ئیستەنۆ : دۆزیوەتەوە، گیڵنانۆ : گێڕاوەتەوە، ژڵیۋیانۆ : جووڵانوەتەوە، ...تد.

- گشت کردارە ڕابوردوە نزیکەکان*** **(کردارە فرەجارەکییەکان)** بۆ کەسی یەکەمی تاک، دوەم کەسی تاک، سێیەم کەسی تاک، نموونە:

وەنەنمۆ : خوێندوومەتەوە ، ژاۋانتۆ : جویووتەتەوە، ئەسانشۆ : کڕیویەتەوە، شیۋنانمۆ : شیواندوومەتەوە، ...تد

- گشت کردارە بکەرنادیارەکان **(کردارە فرەجارەکییەکان)** لە باری ڕابوردووی نزیک، نموونە:

ئیزیانۆ : دۆزراوەتەوە، چڕیانۆ : بانگکراوەتەوە، بریانۆ : براوەتەوە، وریانۆ : خوراوەتەوە، دزیانۆ : دزراوەتەوە، شیۋنیانۆ : شێوێندراوەتەوە...تد.

- گشت کردارە ڕانەبوردوەکان **(کردارە فرەجارەکییەکان)** بۆ یەکەم کەسی تاک، دوەم کەسی تاک، سێیەم کەسی تاک، نموونە:

مڎەوۆ : دەدەمەوە، دڕیۆ : دەدڕیتەوە، مزۆقشۆ : دەیدۆزێتەوە، بزوۆ : بدۆزمەوە، نەیۆ : نەیێیتەوە، نەڎۆقشۆ : نەیداتەوە ، نەۋاچوۆ : نەڵێمەوە، نەوسوۆ : نەخەومەوە، نە وەریۆ : نەخۆیتەوە، گرۋنۆشۆ : دەیگرێنێتەوە، ...تد.

- گشت کردارە ڕابوردوە تەواوەکان **(کردارە فرەجارەکییەکان)** بۆ کەسی یەکەمی تاک، دوەم کەسی تاک، سێیەم کەسی تاک، نموونە:

نەڎامۆ : نەمدایەوە، نەۋاتتۆ : نەتگوتەوە، ژاۋاشۆ : جویەوە، وەنمۆ : خوێندمەوە، گیڵناتۆ : گێڕاتەوە، دیۋناشۆ : ورووژاندییەوە ، ..تد

- گشت کردارە داهاتوەکان **(کردارە فرەجارەکییەکان)** بۆ یەکەم کەسی تاک، دوەم کەسی تاک، سێیەم کەسی تاک، نموونە:

مووسۆ : دەخەوومەوە، هۊرزییۆ : هەڵدەستیتەوە، شېۊنۊشۆ : دەیشێوێنێتەوە، کەروۆ : دەکەمەوە، مەیۆ : دێیتەوە، بڤۊشۆ : بیداتەوە ، ..تد.

چەند نموونەیەک لە جووتواژەکان کە بە فۆنێمی /ۊ/ .. /ۆ/ واتایان دەگۆڕێت و جیادەکرێتەوە:

| /ۊ/ : ئۊ ü | | واتا بە ک.سۆرانی | /ۆ/ : ئۆ o | | واتا بە ک.سۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|
| کەرۊ | cvcv | دەکات | کەرۆ | cvcv | بکەرەوە |
| بەرۊ | cvcv | دەبات | بەرۆ | cvcv | ببەرەوە |
| بڕۊ | ccv | دەبڕێت | بڕۆ | ccv | ببڕەوە |
| چڕۊ | ccv | بانگدەکات | چڕۆ | ccv | بانگبکەرەوە |
| خۊۊ | ccv | پێدەکەنێت | خۊۆ | ccv | پێبکەنەرەوە |
| تەرسۊ | cvccv | دەترسێت | تەرسۆ | cvccv | بترسێوە |
| ئۊسا | cvcv | وەستا | ئۆسا | cvcv | ئەوسا، جاران |

<u>نموونە بۆ هەبوونی /ۊ/ لەنێو ناو</u>

لۊ، چۊ : دار ، کۊ : کێو ، شۊت : شیر ، کۊت : دەقی ڕانکوچۆخە، ڕۊ : ڕۆژ، بۊ : بۆن ، سۊ : سوێ ، دۊ : دۆ ، تۊ : تۆ، ..تد.

<u>نموونە بۆ هەبوونی /ۊ/ لەنێو ئاوەڵناو</u>

کۊڵ/کۊڵە : ناتوانا ، زۊڵ/ زۊڵە : زۆڵ ، سۊڵ/سۊڵە : سوێر ، کۊر : کوڕە/کوێر ، چۊڵ /چۊڵە : چۆڵ ، ..تد.

<u>نموونەی هەبوونی هەر دوو فۆنێمی /ۊ/ ، /ۆ/ لەنێو یەک واژە</u>

شۆبۊ : شەوبۆ ، سۊتۆ : سووتایەوە ، هۊششییۆ : لەبیرچوویەوە، هۊرشییۆ : هەڵچوویەوە، هۊربییۆ : هەڵبوویەوە/ ورووژایەوە، ...تد

هەر وەها لەنێو کرداره فەرمانی و ڕانەبوردووەکان **(کرداره فرەجارەکییەکان)** بۆ دووەم کەسی تاک :

دۊڕیۆ : بدۆڕێوە، کۊشیۆ : هەوڵبدەرەوە ، شۊریۆ : دەشۆیتەوە، کرۊزیۆ : بکووزێوە، کرۊزیۆ : بکووزێوە، نۊشیۆ : دەنۆشیتەوە، کرۊچنۆ، کەریۆ : دەکەیتەوە، بوەریۆ : بخۆیتەوە، موەریۆ : دەخۆیتەوە، نەوەریۆ : نەخۆیتەوە، ...تد

--------------------

١. /ۊ/ فۆنێمێکە لەنێو ئاخاوتنی گشت ئاخێوەرانی گوند و ناوچەکانی سەرتاسەری هۆرامان بوونی هەیە.

* جووتۆکە واژە minimal pair، ئەکادێمیای کوردی د. وریا عومەر ئەمین.

** بۆ بەدیکردنی نموونەی زۆرتر لەبارەی بوونی هەر دوو فۆنێمی بۆرە /ۊ/ .. /ۆ/ فەرهەنگی هۆرامی –سۆرانی (ۋەرقوڵ) نووسینی مامۆستا جەمال بێدار تژیە لەو واژانە. لینکی داگرتن و خوێنەوە فەرهەنگی هۆرامی –سۆرانی (ۋەرقوڵ) لە کوردیپیدیا

https://www.kurdipedia.org/?q=20190521160331289227&lng=1

*** جیاوازی ئەو دوانە لەنێو بابەتێکی دیکە کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، شرۆڤەکراوە.